## وەڵامێك بۆ بابەتەكەی كاك سەلام مەلا كەریم

# لەسەر كتێبی گوڵبژێرێك لەشیعرو شاعیرانی گەرمیان



سالح هەلاج

رۆژی پێنجشەممە 2008 /10/9 لەلاپەڕەی بیروڕای رۆژنامەی کوردستانی نوێ– دا، سەلام مەلا کەریم بابەتێکی لەسەر کتێبەکەی من بەناوی) گوڵبژێرێک لەشیعرو شاعیرانی گەرمیان، یان گوڵبژێرێک لەبەرهەم و پڕۆژەو بیرۆکەی ئەم و ئەو) بڵاوکردۆتەوە. منیش چەند سەرنجێکی خۆم هەیە بۆئەو برا بەڕێزە .

بابەتەکەی کاک سەلام نەڕەخنەیە و نەشیکردنەوە، بەڵکو شتێکیترە نەک بابەت، کتێبەکەی من دەربارەی مێژووی چەند شاعیرێکی ناوچەی گەرمیانە، پڕۆژەیەکە لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدی رابووردوەوە دەستم پێکردووە، هەروەک لەپێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەم پێداوە من بەمناڵی بەهۆی حەزی خۆمەوە ئەو شیعرانەم لەلا گەڵاڵەبووە، بەگەورەبوونی منیش بابەتەکانم زۆرتربوون لەکتێب و گۆڤارو رۆژنامەکاندا چی لەسەر شاعیرانی گەرمیان چی بڵاوکراوەتەوە لایخۆم ئەرشیفم کرووە، یەکێک لەو شایەتانم شاعیری گەورە کاک لەتیف هەڵمەتە، ساڵی 1983 بۆکاری رۆژنامەوانی کەئەوکاتە بەڕێزی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)کاریدەکرد، هاتە کەلارو سەردانیکردم. شەویش لەماڵی ئێمەبوو لەسەر شیعری یەکێک لەو شاعیرانەی ناوکتێبەکە (شەوقی)ناوێک بوو، بەپێی یەکێک لەو چوارینانەی ئەو شیعرە کە دەڵێت.

بەحسی عەشق زۆر بی حیسابە
(شەوقی)یە خانە خرابە
لەفکرمانا سەوابە

## بۆ خەیاڵی زوڵفی خاو

هاوڕابووین کەشەوقی ناوێک خاوەنی ئەوشیعرەیە، وەکو بابەتێک و بانگەوازێک لەڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا لەژمارە (118)ی ڕۆژی 1999/2/13 بەناوی کام شەوقی، کەبەراوردێک بوو لەنێوان چەند شەوقی ناوێکی ناو ئەدەبی کوردییدا بڵاومکردۆتەوە.

بەهۆی بەشداربوونم لەکاری پێشمەرگانە، کەساڵی 1980بووم بەپێشمەرگە دیسان لەناو گوندەکانی کوردستاندا لەهەر کوێیەک شتێکی وام بەرچاو کەوتبێ لایخۆم ئەرشیفم کردووە. من دووره شارو ڕاگەیاندن بووم، نەمتوانیووە ئەوساڵانە بابەتەکانم بڵاوبکەمەوە. بەڵام پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991ی جەماوەری کوردستان دیسان درێژەم بەو پڕۆژەیەدا.

کاک سەلام دەڵێت گەر سەرنجێک لەناو و ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بدەین بۆماندەردەکەوێت ئەوە کاری کۆکردنەوەو ئامادەکردن نییە، یان دەڵێت کۆپیکردنی کتێبەکەی خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمانە، درێژەی پێدەداو دەڵێت:(کتێبەکەی ساڵح هەلاج بەشێکە لەناوەڕۆکی کتێبەکەی مستەفا نەریمان)، من بەشانازییەوە کە مامۆستایەکی گەورەی وەکو مستافا نەریمان خەڵکی شارەکەم کفرییە خۆزگە ئەو منی بەشاگردێکی خۆی بناسیایە، بەڵام لەیەک دووریمان ئەو شەرەفەم بەر نەکەوت .




دیسان کاک سەلام دەڵێت: کتێبەکەی خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان ئەوە نەبێ لەسەردەمی حکومەتی عیراقدا زاراوەی گەرمیان زۆربەکار نەدەهێنرا بەڵکو زۆرتر بەناوی شارو شوێنەکان دەبرا. دەبرای بەڕێز کتێبەکەی خوالێخۆشبوو مستافا نەریمان ساڵی 2007 لەدەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی ژمارە (25) لەچاپخانەی (دار الشؤن الثقافیه العامه) لەبەغدا دەرچووە، نەک لەسەردەمی حکومەتی ڕوخاوی پێشوودا. ئەوکاتە من کتێبەکەم لەلای برایانی کۆمەڵی روناکبیرو کۆمەڵایەتی کەرکووک بوو لەچاپخانەی ئەربەخا لەکەرکووک .

من وتوومە کۆکردنەوە نەک دامناوە، کتێبەکەی منیش شتێکی مێژووییە هەر وەکو هەموو کتێبە مێژووییەکان و ئاماژەم بە سی و دوو سەرچاوە داوە، جگەلەو شەش برا بەڕێزەی کەناویانم لەپاشکۆی کتێبەکەدا تۆمارکردووە کە هاوکاریانکردووم .

تائێستا مێژووی ئەدەبی کوردی چەندین کتێبی گەورەو چاکمان هەیە، وەک ئەنجومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی، مێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەجادی، مێژووی وێژەی کوردی مامۆستا سدیق بۆرەکەی دووبەرگ، مێژووی ئەدەبی کوردی دکتۆر مارف خەزنەدا چەند بەرگی بڵاوکراوەتەوەو بەردەوامیشە خوا تەمەنی درێژبکات. گەر ئەو سەرچاوانە هەموو بنووسینەوە زۆردەکات کەدەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی چاپکراون، خۆگەر بەهەمان ناویشەوە نەبێ هەریەک بەناوێکەوەیە .

من لەسەرچاوەکاندا کەسوودم لێوەرگرتووە بۆ کتێبەکە ناوی ئەو کتێب و گۆڤارو رۆژنامانەم هەمووم نووسیوە، بەساڵ و شوێنی چاپخانەکەشەوە. تەنانەت چوارجار ئاماژەم بەنووسینەکانی خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان داوە کەسوودم لێوەرگرتووە.

باسی هەندێ شاعیر دەکات کەمن ناویانم بۆداناوە. یەکێک لەوانە (مەلا ئەحمەدی سپی سەر) کەباپیرەی کاک سەلام خۆیەتی، پاش پرۆسەی ئازادی عیراق کاک سەلامماڵیان لەبەغداوە هاتە کەلار بۆ چەندینجار کاک سەلام خۆی هەوڵیداوە شیعرەکانی باپیرەیم بۆ بێنێ لای خاڵۆیەکی خۆی لەبەغدا، بەڵام خاڵۆی نەیدابو پێی. هەر بەمەلا ئەحمەدی سپی سەر بەناو بانگبووە، مەلا سمایلی ناو جاف کۆی شیعرەکانی لەساڵانی هەشتاوە بەئاگاداری بنەماڵەکەیان هەمووم کۆکردۆتەوەو لای من پارێزراوە، هەر بەفەقێ سمایل ناسراوە، غالب شاکەلی، شێخ عەلی شاکەلی ئەوە لەکەشکۆڵەکەی خۆیان واتە کەشکۆڵی شاکەلی وەرمگرتووە هەموو بنەماڵەکەیان ئاگادارن، لە سەر غالب شاکەلی لەڕۆژنامەی گەرمیان ژمارە (3)ی ساڵی2003 بابەتێکم بەناوی غالیب شاکەلی شاعیری گوومناو بڵاوکردووە، ئەوتا لەهەمان کتێبدا نەریمان لەلاپەڕە (58) نووسیوویەتی (غالب 1908– 1946)دیسان مستەفا نەریمان لەلاپەڕە (88) دەربارەی (حەقی) دەڵێت حەقی 1892–9195. حەقی خۆیشی لەکۆتای شیعرەکیدا دەڵێت:

دۆعاکەی(حەقی) باوەڕکەن بەدڵ یە
کەشەقی ئەو نەوازشتە لەملیە.

خۆ(نوحی) شاعیر لەهەموو کورستاندا بە مەلا حەسەنی نوحی ناسراوەو دیوانەکیشی بەناوی (نوحی)یەوە چاپکراوە، نەک من ئەو ناوەم بۆ دانابێ، خۆ (قەمەر بەگەر) نازناو نییە بەڵکو هەر باوکی ناوی بەگەرە. ئەوە هەموو خەڵکی کفری دەزانن، بۆ فاتمەی حەسەن کەنۆش و شێخ ڕەزای تاڵەبانی من ئاماژەم بەسەرچاوەکانداوە ئەو بەڕێزە دەڵێت لای خەڵکی پارێزراوە چی پێویست بەڵاوکردنەوە دەکات، من ئەو رستە بۆ خوێنەر جێدێڵم ئەوان وڵامی کاک سەلام بدەنەوە شیعری ئەو شاعیرە بڵاوبکرێتەوە یان گوم ناوبێت، هەرچەند لەدیوانەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی بڵاوکراوەتەوە.

عەبدوڵڵا تۆم تەن ئەو شیعرەم لە کاک (شکور محەمەد هەیەر) وەرگرتووە ئاماژەم بەناوە کەیشیداوە، پاش کتێبەی من کاک شکور ئەو بابەتەی لە گۆڤاری گیرفان بڵاوکردۆتەوە بۆ ئاگاداری کاک سەلام، کاک شکورو مامۆستا سەلاح پەرلەمان شیعری زۆری مام عەبدوڵڵا تۆم تەنیان لایە، کەدێتە سەر عەزەدین فارس کەباوکی خۆمە ئەو دیوانێکی شیعری هەبوو بەڵام ساڵی 1963 لەگەڵ ماڵەکەماندا حەرەس قەومی سووتاندی و زۆری خەڵکی گەرمیانیش بەشاعیری باوکمیان دەزانی، تەنانەت کاک شێخ محەمەد شاکەلی کەنووسەرێکی شارەزای ناوچەی گەرمیانەو چەندین کتێبی پڕبایەخی لەسەر گەرمیان نووسیوە، لە گۆڤاری (بانەڕۆژ) ژمارە (11)ی ساڵی 2004 لاپەڕە (20) بابەتێکی بەناوی (بزوتنەوەی رۆشنبیری لەگەرمیان) ناوی عەزەدین فارس خاتووت لەڕیزی شاعیرانی پێشووی گەرمیان هێناوە.

دەربارەی خۆم کەکاک سەلام دەڵێت: ساڵح هەلاج خۆی بەشاعیری حەفتاکان دادەنێت ئەوا نزیکەی (40) ساڵێک دەبێت شیعر دەنووسێت تائێستا بەرهەمەکانی خۆی بەچاپ نەگەیاندوە ئێمە ئەم پرسیارە لەخۆی دەکەین. بۆ وەڵامی کاک سەلامی بێگومان من لەکۆتایی حەفتاکاندا شیعرم لەگۆڤارو رۆژمانەکاندا بڵاوکردۆتەوە کاک لەتیف هەڵمەت و مامۆستا ئەحمەد شاکەلی و مامۆستا عەلی پەرلەمان و نەسرەدین مەجیدو عەبدوڵلا قەرەداغی و مەهاباد قەرەداغی و هەموو نووسەرو شاعیرانی گەرمیان من دەناسن. بەڵام من کاتێ پێشمەرگەبووم لەکارەساتی ئەنفالدا شەش مناڵ و هاوسەرەکەم ئەنفال کران زۆربەی شیعرەکانیشم کە زۆربەی نووسەرو ئەدەب دۆستان دەزانن لەو کارەساتەدا تیاچوون. راستییەکیتریش من توانام نەبووە لەسەر ئەرکی خۆم شیعرەکانم چاپ بکەم تا ئەم ساڵ بەشێکی ئەو شیعرانەم کە زۆربەیان لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوکرابوونەوە بەناوی (لێکدابڕان) بڵاوکردووە ئێستە لەبەردیدەی خوێنەراندایە. لە ڕۆژنامەو رادوێکانەوە خوێندنەوەی باشی بۆکراوە.

کاک سەلام درێژە بەنووسینەکەی دەدات و دەڵێت: بە ساڵح هەلاج رادەگەیەنین کتێبێک لەو جۆرە کەلێنێک لەکتێبخانەی کوردی پڕناکاتەوە. دەبا ئەو بەڕێزە ئەوە بزانێ کتێبەکە چەند ڕۆژێک لەبازاڕ بوو تەواو بوو ئێستا داوای دووبارە چاپکردنەوەی دەکەن.

کاک سەلام باسی پرۆژەیەکی خۆی دەکات گوایە من لەوم دزیووە، ئەمە کێشەکەی کاک سەلامە نەک کتێبە چاپکراوەکەم، بەڵام بەڕێز خۆت چاکدەزانی من تائێستا سەدان بابەتی رۆژنامەوانیم بڵاوکردۆتەوەو ئەندامی کارای رۆژنامەنووسانی کوردستانم. گەر بەڕێزت بەدوو سێ بابەتی نوکتە ئامێز سەرەتاتکێی رۆژنامە لۆکاڵییەکانت کردووە من هیچ پێویستم بەنوکتەو بابەتەکانی تۆنییە، خۆت چاک دەزانی بابەتەکانت زۆریان خۆم بۆتم داڕشتووەو تایپم کردوون چەندین شتم بۆ زیادکردووە. ئەویش بۆتۆ خوێنەران بابزانن من لای بنەماڵەی خواڵێخۆشبوو مستەفا نەریمان بەکەسێکی دڵسۆزی ئەو پیاوە گەورە دەناسرێم و ئەو بابەتەیشم لەسەر خواڵێخۆشبوو نووسیوە خۆیان کۆپیانکردووە هەڵیانگرتووەو چەندین وێنەی منشیان لای خۆیان وەک دڵسۆزی نەریمان پاراستووە. گەر باسی نوکتە و قسەی نەستەقی گەرمیانش دەکەیت ئەوە(کاک شکور محەمەد هەیەر) دەمێ ساڵە لەزۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی (زەنگ و خۆرنەوەزان و ئایندەی گەرمیان)دا ستوونی تایبەتی خۆی هەیە وەکو کتێبیش، کتێبەکەی من ناوی (چەردەیەکی مێژووی گەرمیان)ە خراپ حاڵی نەبی مێژوویەکی سیاسییە نەک نوکتەو قسەی نەستەق.